www.kurdistannet.org
11-2-2006 12:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئاگاداریەک لە ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان بۆ کۆمەڵگەی کوردی: "بەناز محمود بابەکر" ژنە کوردیکی بیسەروشوین.. هاوکارمان بن بۆ گەیشتن بە راستی ژیانی ئەو ... ریکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان

لە ٣-٢ -٢٠٠٦ دا ڕێکخراوەکەمان نامەیەکی لەلایەن (DC Scott Mather) لە میترۆ پۆلیتان پۆلیسەوە پێگەیشت، کەتیدا بەسەرهاتی ژنێکی کورد بەناوی بەناز مەحمود بابەکر، تەمەن بیست سال (موالید ١٦-١٢-١٩٨٥) و دانیشتوی شاری لەندەن (Mitcham، South London) ی خستۆتەبەردەممان وپاشان داوای هاوکاریمان لیدەکات تابکری چارەنوسی ئەم ئینسانە ئاشکرابکری. شایانی باسە نامەکە بەم شیوەیە بەسەرهاتی بەناز دەگیریتەوە:

بەناز لە لە ١٢-١-٢٠٠٦ نەبینراوە، لەبەر ئەوەی بەناز پیشتر کیشەی بوە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەناوی حەمە ٢٩ سال هەرچەندە بەناز دوای سێ سال ژیانی پێکەوەی لە مانگی ٦ -٢٠٠٥ لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە و گەراوەتەوە مالی باوکی وە لە ٢٣ -١-٢٠٠٦ ئیتر بەناز نەبینراوە وە ئیستا پۆلیس ئەم کەیسە وەك کەیسی کوشتنی ناموسی سەیردەکات. بەم بۆنەوە چەندین کەسیان گرتوە و یەکیکیش لەوانە هاوسەرەکەیەتی تا لیپرسینەوەی لەگەلدا بکری.

ئیمە لیرەدا داوا لەکۆمەلگای کوردی و ئەوانەی زانیارییەکیان لەسەر ئەم ژنە وبەسەرهاتەکەی هەیە دەکەین لەگەلمان پەیوەندی بگرن و هاوکارمان بن تاپیکەوە ژیان و چارەنووسی ئەم ئینسانە مەعلوم بکەین.. بێسەروشوین بوونی بەناز ناتوانی بەدەر بیت لەو تاوانانەی کەرۆژانە رووبەرووی ژنانی کوردستان دەبنەوە. بۆیە وەك ئەرکێکی ئینسانی داوالەهەمووان دەکەین کەهەرجۆرە زانیاری یەکیان لەسەر ئەم ئینسانەهەیە بەئیمەی رابگەیەنن. ئیمە لیرەدا بەدلنیاییەوە بەلین بەوکەسانە دەدەین کە هاوکارمان دەبن هەموو زانیارییەکانیان پاریزراودەبێ و بەشیوەی یاسایی و گونجاو دەیخەینە دۆسێی گەران بەدوای راستییەکانی ژیانی بەنازەوە. تا ژیان و وچارەنوس و راستییەکانی ئەم ئینسانە وەك راستییەك ئاشکرابی و تاوانبارانیش لەدەست یاساو لیپرسینەوە قوتار نەبن.. بەسوپاسی زۆرەوە بۆ هاوکاریتان.

بۆ پەیوەندی گرتنتان دەتوانن سود لەم کەنالانەوەربگرن:
٠٢٠ ٧٢٦٣ ١٠٢٧ یان ٠٧٧٤٨٨٥١١٢٥
Sawsan. s@ukonline. co. uk
ناونیشان:
KRWO
Caxton House
129 St. John's ways
London N19 3RQ
میترۆ پۆلیتان پۆلیس:
٠٢٠ ٨٧٢١ ٤٩٠٥ یان ٠٨٠٠٥٥٥١١١

ریکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان
سەوسەن سەلیم

٢٠٠٦-٢-٨